# شه هيد

دوێنێ شه و خه وم زڕا،
چوومه ده رێ به کڕی.
سه ری برووسکاوێژم
به ره و ئاسمان هه ڵبڕی:

ئه ستێره م دین، ڕووتوقووت،
پۆڵ پۆڵ، هه زاران هه زار،
به ده وری قووی کورکدا
په رت بوون وه ك ده نکه هه نار...
ها تمه وه پرسه م دانا
بۆ ئه وان ئه ستێرانه ی،
باڵئه نگێوارو، گه ردنلار،
له هه ڕه تی ورشه دا
دا کشان سه ر به ره و خوار!

١٩٩٢/٧/١٣ ـ مۆسكۆ